شەممە 8 تەموز 2019ی زاینی

سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری

سەرەتا | دەربارە | پەیوەندی | ئەرشیف

کوردی | عربي

سەرەتا هەواڵ وتار توێژینەوە گفتوگۆ گەلەری بڵاوکراوە چالاکی ڤیدیۆ کتێبخانە

گەڕان ... گەڕان گەڕانی پێشکەوتوو


✎ ووتار

Like 0 Tweet Share

## ڕانانێك بۆ "پرسی ئیسلام و شیعر"

بەروار: 26/09/2018
بینین: 287

کۆسرەت صالح



***کۆسرەت ساڵح ئەحمەد***
***توێژەر و مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین***

لەم ڕانانەدا تیشکێك دەخەینە سەر بەرهەمێکی تایبەت بە هونەر و هۆنراوە و شیعر لە دیدگای ئیسلام و دەقە پیرۆزەکانەوە، کە لە کۆنەوە تا ئێستا گەنگەشە و کێشمەکێشمی لە نێوان زانایان لەلایەك و لەنێوان خەڵکی ئاسایی دروست کردووە، تەنانەت ناوەندە ئەکادیمییەکانی وەك زانکۆکانی تایبەت بە زانستە ئیسلامییەکانیش لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی جێگەی تێرامان و گفتوگۆی گەرم و گوڕە.

ئەم بابەتە تایبەتە بە بەرهەمی ژمارە 26 ی هاوبەشی نێوان سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی و پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی، کە بە ناونیشانی (چەند سەرنجێك لە سەر پرسی ئیسلام و شیعر) لە بنچینەدا بە زمانی کوردی لەلایەن پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (ئیسماعیل ئیبراهیم بەرزنجی) ڕێنوس کراوە و لە بەرهەمێکی 90 لاپەرەی لە ساڵی 2014 لە سلێمانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لە ناوەندی سارا و ناوەندی ڕێنوێن لە سلێمانی و لە هەولێریش لە نوسینگەی تەفسیر دەستدەکەوێت.

ئەم کتێبە لە پێشەکیەك و سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، نووسەر هەوڵیداوە لە هەر یەك لە تەوەرە سەرەکییەکان چەند پرسێك بە کورتی و زمانێکی سادە و ڕەوان شیبکاتەوە و چەند دەرەنجامێکی زانستی و شەرعیان لەسەر بینابکات.

تەوەری یەکەم تایبەت کراوە بۆ تاوتوێکردنی هەڵوێستی ئیسلام و شیعر، هەروەها هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بە بابەتە شیعرییەکان لە تەوەری دووەم شیکارکراوە و تەوەری سێیەم و کۆتایی بۆ هەڵسەنگاندنی شیعر لە سەرەتایی ئیسلام تایبەت کراوە.

خودی کتێبەکە، وەك نووسەر خۆی لە پێشەکییەکەی ئاماژەی پێدەکات، لە پێناوی هەڵسەنگاندنێکی دروست بۆ پرسی ئیسلام و شیعر لە دایك بووە، بەهۆی ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێك لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ بەرگریکار و هەندێکی تر هێرشکاری سەر شیعرن و هەردوو لا زۆربەی کات کوێرانە قسە دەکەن و کەمتر بۆچوونی هاوسەنگ و بابەتییانە لەو نێوەندەدا دەبیسترێت و بەدیدەکرێت، ئەم بەرهەمە هەو ڵێکە بۆ پێشکەشکردنی دیدێکی دروست و هاوسەنگ بۆ پرسەکە.

کتێبەکە دوو چینی سەرەکی دەدوێنێت، یەکەمیان ئەوانەی کە ئیسلامین و دیندارانە تەنیا لە ڕووی فیقهی، بەڵکو تەسکتر تەنیا لە ڕوانگەی حەڵاڵ و حەرام، سەیری بابەتەکە دەکەن و زۆربەی کات بە ڕەهایی حوکمی ناڕەوایەتی بەسەر گشت بەرهەمە هونەرییەکان دەدەن. هەروەها چینی دووەم ئەو سیکۆلار و نا دیندارانەی لە دوورەوە لە چاویلکەی ئایدیۆلۆژی و کینەڕێژی سەیری ئیسلام دەکەن و قسەکانیان تیر ئاسا ئاراستەی باڵەخانەی بەرزی ئیسلام دەکەن.

هەوڵدراوە ئەم بەرهەمە زەمینەیەکی هاوبەش بۆ بەیەکگەیشتنی هەردوو چینەکە و خوێندنەوەیەکی دروست و هاوسەنگ و ئارام بهێنێتە کایەوە و بتوانێت ئەوە بەگوێی خوێنەر بچرپێنێت کە قسەکردن لەسەر سەرجەم پرسەکان، بە پرسی ئیسلام و شیعریشەوە، پێویستی بە زانیاری دروست و خوێندنەوەی ئەکادیمی فرەلایەن هەیە و ڕووکەشانە کەوتنە ناو پرسەکان نەوەك هەر خزمەت ناکات، بەڵکو دیدڵێلی و پشێوی مەعریفیش بەرهەم دێنێت. کتێبەکەش بە شێوەیەك نوسراوە وەك زنجیرە بابەتەکان وابەستەی یەکن و یەکتر تەواودەکەن و بەبێ یەکتر مانای تەواو ناگەیەنن بە هزری خوێنەر، بۆیە

Zahawi Center زەهاوی..
Liked 21K likes

وتار


ولاتانی ئەورووپاو ئەمریکا وەک شوێنی بازرگانی کردن بە مند...
هۆشیار جەماڵ


کورد لە ململانێی عوسمانی سەفەوی دا خوێندنەوەیەك ب...
د. ئاراس محمد صالح

زیاتر

توێژینەوە


گرنگترین و دیارترین هۆکارەکانی دروست بوونی (ئیختیلاف) ...


بیری نەتەوایەتی لەلای زانایان ـ هەڵسەنگاندن و بەراوردێك لە...


تیرۆر یان دایڤێرستی لە کۆمەڵگای کوردی؟...

زیاتر

ڤیدیۆ

هەرکەس بیخوێنێتەوە پێویستە لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی بخوێنێتەوە و هەر سێ تەوەرەکە بەیەکەوە گرێ بدات.

***تەوەری یەکەم: هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بە شیعر***

لە دەستپێکی ئەم تەوەرە بۆچونێك شیدەکاتەوە کە نووسەر خۆی بە وەهم هەژماریدەکات، ئەویش ئەمەیە: (ئیسلام لەسەرەتای هاتنیەوە شیعری کردووە بە دوو بەش، دژایەتی ئەو بەشەی کردووە کە لەگەڵ بنەماکانی نەگونجاوە و ئەوەشی هاوتەریب بووە لە گەڵ بنەمانکانی قبوڵی کردووە و وەریگرتووە).
دوای هەژمارکردنی ئەم بۆچوونە بە وەهم، هەڵەیەکی کوشندەی مەعریفی و میتۆدی لێکۆڵەرە هاوچەرخەکان دەخاتە ڕوو کە بریتییە لە تێکهەڵکردنی دوو پرس بە یەکتر، کە ئەمانەن: تێروانینی ئیسلام بۆ خودی شیعر، هەروەها مومارەسەکردنی شیعر لە سەردەمە جیاوەزەکاندا.

بۆیە ئەو پێی وایە بنەما لەسەر ئەم پێشەکییە پێویستە بۆ پێشکەشکردنی دیدێکی دروست سەبارەت بەم پرسە سەرەتا پێویستە دوو پرسیار لەیەك جیابکەینەوە، کە ئەمانەن: ئایا ئیسلام چۆن دەڕوانێتە شیعر؟، شاعیران لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی ئیسلامدا چۆن شیعریان نوسیووە؟. سەرجەم لاپەرەکانی دواتر تایبەت کراون بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەم، کە تەوەری کتێبەکەیە.

بنەما لەسەر گریمانەیەك نووسەر پرسیارێکی تەپکە ئاسا دەوروژێنێت کە دەڵێت: (لەوانەیە بپرسرێت: ئایا ئیسلام ڕێگە دەدات بەوەی شاعیرێك لە شیعرەکانیدا دژی بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام شیعر بنوسێ؟). دواتر خۆی وەڵامەکەی بە تێر و تەسەلی شیدەکاتەوە و بە زمانێکی شیرین ڕوونیدەکاتەوە.

***تەوەری دووەم: هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بە بابەتە شیعرییەکان***

لەم تەوەرەدا باس لە ناوەڕۆکی شیعرە دەکات، بە دارشتەیەکی تر ئەو پرسانەی شیعریان بۆ نووسراوە، لە میانەی شیکاری ئەم بابەتە باس لەوە دەکات کە سەرجەم بابەتە شیعرییەکان بەبێ جیاوازی بەرهەمی ناخی وروژاوی شاعیرانن و لایەنە جۆربەجۆرەکانی دەروون و سۆزی شاعیران دەردەخەن. دواتر باس لە دوو جۆری شیعر دەکات، غەزەل و داشۆرین، لە دیدگای ئیسلام و دەقە پیرۆزەکان تێروانینی خۆی دەخاتە ڕوو.

چەند پرسیارێکی گرنگ لەو تەوەرە وەڵامدراونەتەوە بۆ نموونە: حوکمی شیعرە غەزەلییەکان لە ئیسلامدا چیە؟ ئایا غەزەل و پیاهەڵدانی ئافرەت دروستە یاخود نا؟ ئایا ئەو غەزەلانەی لە رووکەش باس لە ئافرەت دەکەن لە حەقیقەتیشدا وایە یان بۆ کەسانی تر وتراون و حوکمیان چییە؟ ئایا دونیایی شیعر دونیاییەکی خەیاڵی و ئەفسوناوییە یاخود هەقیقییە و حوکمە شەرعییەکانی لە ئیسلامدا لەسەر بینادەکرێن؟. ئایا غەزەلخوێنی و نووسینی شیعری غەزەل بە رەهایی داخیلی حەرام یاخود حەڵال دەبن یان ئەوانیش جۆریان هەیە؟. هەڵوێستی ئیسلام بە رامبەر شیعری داشۆرین (هەجو) چییە؟ ئایا دروستە یاخود نا؟ ئایا سوکایەتی کردن بە کەسایەتی و جنێودان لە ڕێگەی هەڵبەستە و شیعر دەچێتە خانەی هەجو یان دیوێکی تری هەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لە تەوەری دووەم بە راشکاوی ڕێنوسکراون.

تەوەری سێیەم: تایبەت کراوە بۆ هەڵسەنگاندنی شیعر لە سەرەتایی ئیسلام، هەروەها بە شێوەیەکی سەرەکی هەوڵدراوە ئەم تەوەرە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێك تەرخانبکرێت کە ئەمەیە: لاوازی و بەهێزی شیعر لە سەرەتای هاتنی پەیامی پیرۆزی ئیسلام چەند بووە؟.

ئەم کتێبە سەرەرایی ئەوەی تەواو خۆماڵییە و نوسەرێکی بەتوانای خاوەن سەلیقە نوسیویەتی، راشکاوانە لە روانگەی ئەکادیمیبوون و زانستیبوونەوە لە سەر پرسێکی هەستیاری وەك شیعر، لە روانگەی ئیسلامەوە، دواوە و بۆچوونەکانی ڕێنووسکردون، بۆیە شیاوی گرنگیپێدان و خوێندنەوە و لەسەر وەستانە، تایبەت بۆ شەیدایانی هونەر و شیعر و غەزەل.




- ماف و ئازادیەکان لە ئیسلامدا د.سەباح بەرزنجی...



- هونەری ڕەنگەکان لە ئیسلامدا و کاریگ...

محمد مەلا محمود تاوگۆزی



- وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا وەک شوێنی بازرگ...

هۆشیار جەمال

- کورد لە ململانێی عوسمانی سەفەوی دا خو...

- میانرەویی و کاریگەریی ئەو لە پەروە...




د. ئاراس محمد صالح



د.سەباح بەرزنجی

**کتێبی (بنکەنکردنی دیوارێکی لەرزۆک)...**



هۆشیار جەمال

**پاشای دادپەروەر...**



فەرەیدوون ئه حمه د

**شارستانیەتی ئیسلامی، هۆکاری دواکەوتن...**



لوقمان سەمەد برادۆستی

**خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی "منهج القرآن ال...**



هەژار حاتەم

**زانستی نوێ سەلماندی: "گشت مرۆڤەکان تەنها...**



د. ازاد علي اسماعيل

**ئیلحاد و ئەخلاق ... ئەگەر خواوەند ئەفس...**



و: د. مەریوان حەمە دەروێش صالح

1 بۆ 10 لە کۆی 213 سەرەتا کۆتایی

Created by DotNet For IT Solutions

Copyright ©, All Right Reserved.